# کارنامەیەکی پێشنیارکراو بۆ گفتوگۆو هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی بۆردی گروپەکانی فشار بۆ ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی خێزانو کەسوکاری قوربانیانو فەرامۆشکراوان

**سەلاح مەزن** *

**هەولێر** 2006/4/6

دوای ژمارەیەك دیدارو گفتوگۆ پرۆژەی پێکهێنانی فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان (فدك )ئامادەکرا, پاشان لە کۆنفرانسی دامەزراندن کە لە لە سەرەتای مانگی تەموزی 2004و لە مینۆمێنتی هەڵەبجە, بە بەشداری نوێنەرانی ( 11 ) ڕێکخراوو کۆمەڵەی ئەنفال, کمیاباران و کەسایەتی کاراو بڕیاری دامەزراندنی لەسەر درا, ئەگەرچی لەبەر هەندێ هۆکاری خودیو بابەتی نەیتوانیوە وەك پێویست ئەرکەکانی رابپەڕێنێ, بەڵام چوارچیوەیەکی باشی بۆ کاروچالاکی هاوبەشو ئالوگۆڕی زانیاریو شارەزایی لە نێوان ڕێکخراوو کۆمەڵەکان پێکهێناوە لە هاوکاریو کاری پێکەوەیدا, بەو پێیە فدراسیۆن چوارچیوەو ئەزمونێکی بەرچاو روونکەر دروست دەکا,بۆ هەنگاونان لە پێناو کۆکردنەوەی هەرچی زۆری ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی خێزانو کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕو ڕێکخراوو دامەزراوەکانی داکۆکیکردنو لێکۆڵینەوە لە مافەکانیخۆیانو داواکاری توێژە فەرامۆشکراوەکانی نێو کۆمەڵگاو.. تاد.. بە مەبەستی دروستکردنی بۆرد یان تۆڕێکی هاوبەش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان, کە بتوانێگروپەکانی گوشار پێکبێنێو دواتر لە یەکتریان نزیك بکاتەوە, تاوەکو بتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خێزانو کەسوکاری قوربانییەکانو هەموو ئەو کەسانەبکات, کە لە سەردەمی رابردووهەنوکەدا, پێشێلکاریو ناهەقییان لە بەرانبەر کراوە.

**ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ئەو بۆرد یان تۆڕە:**

( مسۆگەرکردنی دادپەروەرانەی مافەکانی خێزانو کەسوکاری قوربانییەکان وئەوانەی لە سایەی ڕژێمی پێشوو پێشێلکارییان دەرهەق کراوە)

**دروشمی کارو چالاکییەکان:** .

( پتەوکردنی رۆلی ریکخراوو کۆمەڵەکان لە چونیەتی بەشداری پێکردنی کەسوکاری قوربانیانو توێژە فەرامۆشکراوەکاننی کۆمەڵگا لە پرۆسێسی داکوکیکردن لە مافو داواکارییەکانیان )

**ئامانجە گشتییەکان:**

+ ئام ادەکردنی ئامار, زانیاریو نەخشەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان, دەستنیشانی کردنی ناونیشانوجوگرافیای گۆڕەکانی قوربانیانی گەلەکەمان..

+ دۆزینەوەی ئەو ونبوو بێسەروشوێنانەی کە چارەنوسیان نادیارە.

+ ئامادەکردنی ئامارو زانیاری ورد دەربارەی خێزانو کەسوکاری قوربانییەکان.

+چارەسەری بنبڕانەی کێشەی 18 پاکیزەی کوردی ئەنفالکراوو فرۆشراو بە وڵاتی میسر لە ڕێگای بەڵگەنامەی زیندوو, بەشداری وارسی شەرعی بۆ ئەوەی لە دادگاکانی ئاستی نێوخۆو نێودەوڵەتی ساغ بکرێتەوەو چارەنوسیان بدۆزرێتەوە.

+ دروستکردنی مێنۆمێنتی نیشتمانی بۆ قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێم.

+ پەرلەمانو حکومەتی عێراقی فیدراڵ تاوانی جینۆسایدکردنی کورد وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیبناسێ, وێڕای ریسواکردنی, داوای لێبوردن لە گەلی کوردو مرۆڤایەتی بکەن, هەروا خێزانی قوربانیانو زیانلێکەوتووان قەرەبووبکەنەوە.

+ هۆشیارکردنەوەو ئامادەکرنی خێزانو کەسوکاری ئەنفالکراو, ونبو و بێسەروشوێنەکان بۆ بەشداریبوون لە کاروچالاکییەکانی دامەزراندنی ( سەنتەری نیشتمانی ونبوو بیسەروشوێنەکانی عێراق ) کە بە سەرپەرشتی بەشی مافی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق ( یۆنامی )و پەرلەمانو وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەکانی خێزانی ئەنفالکراوونبوان بە پاڵپشتی ولآتانی پارە بەخش دێتە دامەزراندن.

+ ئامادەکرنی پرۆژەو لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لەمەڕ میکانیزمی قەرەبوکردنەوەی خێزانو کەسوکاری قوربانیانو زیان لێکەوتوانی تاوانەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ.

+ کۆکردنەوەو پۆلینکردنی بەڵگەنامەو زانیارییەکان و دامەزراندنی بنکەیەکی پێشکەوتوو بۆ کۆگاکردنیان.

+ هاوکاری خێزانوکەسوکاریئەنفالکراو بێسەروشوێنەکان و قوربانیانی چنگ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە رابردوو ئەمرۆدا , بۆ تۆمارکردنی سکالاّ لە بەرانبەر تاوانبارو پێشێلکاران.

+ دامزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوو لێتۆژینەوە لە تاوانەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ و بە مێژوو کردنی شالاوەکانی ( ئەنفال, کیمیاباران, تەعریب, راگواستنو.. تاد..) بۆ ئەوەی وەك تاوانی پاکتاوی رەگەزی ( جینۆساید ) و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن.

+ ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو پرۆسێسی ئەنفالەکان وەك رۆژی ماتەمینی نەتەوەیی بناسرێنو بکرێنە پشودانی رەسمی لە هەرێمی کوردستانو هەوڵ بدرێ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی 3/16 بە رۆژی یاساغکردنی چەکی کیمیاویی و 4/14 وەك رۆژی لەناوبردنی رەگەزی بناسرێن.

+ هۆشیارکردنەوەو رێنمایی کردنی سەرجەم خێزانو کەسوکاری قوربانیانو توێژە فەرامۆشکراوەکان بە مافەکانیانو چۆنیەتی داواکردنی ئەو مافانە بە شێوازێکی یاساییو شارستانانە دوور لە گرتنەبەری کردەوەی توندوتیژو هێرش بەرانە.

+ گەلالە کردنی یاسایەکیتایبەت لە لایەن پەرلەمانەوە, دەربارەی ئەنجامدانی کاروچالاکی خەڵکی بۆ داواکردنی مافەکانیان ( یاداشتنامە, کۆبونەوە, رێپیوانو..تاد..) کە بە پێی مۆڵەتی فەرمیو پۆلیس ئاسایشی بەرێوەچوونیان لە ئەستۆ بگرێو بەکارهێنانی چەكو هۆکاری ترسناك لە بەرانبەر رێپێوان, خۆپیشاندانو چالاکییە رەواکانی خەڵك قەدەغە بکرێ.

+ هاندانی رێکخراوەکانی نا حکومی نێونەتەوەییو نێوخۆیی بۆ ئەوەی چالاکیو پرۆژەکانی خۆیان لە بواری هۆشیارکردنەوە, راهێنانو پەرەپێدان هەروا بوژاندنەوەی کولتوری, کۆمەڵأیەتی, ژینگە, هەروا پرۆژەی بەرهەمهێنی بچووك بگەیننە خێزانو کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی رژێمو توێژە فەرامۆشکراوەکان, کە بە شێوەیەکی گشتی نەبونەتە ئامانجو جێ بایەخپێدانی ئەو رێکخراوانەو تەنانەت رێکخراوە نێوخۆییەکانیش.

+ پێویستە پەرلەمان, حکومەتو وەزارەتەکانی پەیوەنددار نەخشەیەکی ستراتیژی بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان بە ژێرخان بوژاندنەوەی گشت بوارەکانی ژیانو گوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچانە دابنێن کە لە ئەنجامیشالاوەکانی رژێمی گۆڕبەگۆر وێرانو زیانمەند بووینە, ئەمجار پرۆژەی کشتوکاڵی, گیانەوەریو پیشەسازی بەرهەمهێنی تێدا دابمەزرێنرێ.

**میکانیزمی جێبەجێکردن:**

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو دروشمو ئامانجانە, وا دەخوازێ کارو چالاکی جۆراو جۆر لە نێوان رێکخراوو کۆمەڵەکان لە لایەكو دامەزراوەکانی پەرلەمانو حکومەت لە لایەکی دیکەوە, هەروا بە هەماهەنگیو پێکەوەیی لە نێوان گشت لایەكو بە بەشداری پێکردنی راستەوخۆی خێزانو کەسوکاری قوربانیانو سوودمەندەکان بەرێوەبچێت, لەو نێوانەشدا بۆرد یان تۆڕی رێکخراو کۆمەڵەکان بە بەشداری خێزانو کەسوکاری قوربانیان و لە پێناو دەستەبەرکردنی داواکارییو مافەکان بە شێوازێکی یاساییو شارستانی گروپەکانی گوشار بۆ سەر دەسەلأتو پەرلەمان پێکبهێنن.

**هەروا ئەو كارو چالاكيانەش پێويستن:**

+ دامەزراندنی بنكەيەكی فراوانی زانيارييەكان بۆكۆكردنەوەو كۆگاكردنی بوڵگەنامەكانو زانياری دەربارەی تاوانەكانی رژێمو ئامارو زانياری ورد دەربارەی خێزانو كەسوكاری قوربانييەكان.

+ كردنەوەی بەڕێوەبەرايەتييەكی گشتی بۆ كاروباری گۆڕە بە كۆمەڵەكان, بە هاوكاری لەگەڵ دامەزراوەكانی هاوشێوە لە شارەكانی عێراق كەوا ئامارو جوگرافيای دابەشبوونی گۆڕەكانو چۆنيەتی پارێزگاری كردن لێيان بە پێی ( ياسای ژمارە 18ی عێراقی بۆ پارێزگاری لە گۆڕە بە كۆمەڵەكان ) بە ئەركی خۆی بزانێ.

+ كردنەوەی بنكەيەكی زانستی, دەوڵەمەندكراو بە تاقيگەی پێشكەوتوو بۆ ناسينەوە لاشەی مردووە نەناسراوەكان لە رێگای بەكارهێنانی ترشەلۆكی ئەتۆمیو بەشی تەكنيكیو هونەری بۆ هەڵدانەوە,كۆكردنەوەو گواستنەوەی تەرمەكان, بۆ ئەوەش پێويستە سوود لەو كاديرانە وەربگيرێ كە لەمەوبەر بۆ ئەو مەبەستە رەوانەی دەرەوەی وڵات كرابوون, هەروا هەماهەنگی لەگەڵ بەرنامەی سەنتەری نيشتمانی ونبوو بێسەروشوێنانو كۆميتەی نێونەتەوەيی ونبوان لە كۆسۆڤۆ بكرێ.

+ گرێدانی كۆبونەوەو كۆنفرانسی رێكخراوكۆمەڵەكان لەسەر ئاستی پارێزگاكانوهەرێمی كوردستان بۆ پێكهێنانی بۆرد يان تۆڕی فراوان, كەوا لە پاڵ ئامانجەكانيدا, بەرنامەی بۆ هێنانە پێشەوەوميكانيزمی بەشداری پێكردنی خێزانو كەسوكاری قوربانييەكان هەبێ, تا پێبەپێ ئامادەبكرێنو توانای ئەوەيان هەبێ, خۆيان رێكخراوو كۆمەڵەكان بەڕێوە ببەنو داكۆكی لە مافەكانيان بكەن, هەروا لەگەڵ تۆڕەكانی خێزانی ونبوان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەكەو جيهان لە رێگای كۆرسو كۆنفرانسەكان هاوكاریو ئالوگۆڕی ئەزمون, شارەزاييو زانياری بكەن.

+ رێكخراوو كۆمەڵەكانی خێزانو كەسوكاری قوربانيان يان ( بۆردو تۆڕی ) هاوبەشی نێوانيان بە هەماهەنگی ( شراكە ) لەگەڵ پەرلەمان, وەزارەتو دامەزراوەكانی حكومەتو ريكخراوەكانی ناحكومی نێونەتەوەييو نێوخۆيی, **پرۆژەی هۆشياری, راهێنان, پەرەپێدانو بوژاندنەوە ی گوزەرانی كەسوكاری قوربانييەكان فەراهەم بكەن , لە بوارەكانی:**

– هۆشياركردنەوەی كۆمەڵايەتی, ژينگەيی,پەروەردەی مەدەنیو, رێنمايی دەروونیوتەندروستی..تاد..هاندانو ئاسانكاريكردن لە لايەن وەزارەتو دامەزراوەكانی مافی مرۆڤو ئەنفالو وەزارەتی ئەوقاف بۆ بنياتنانەوەی ژيانی هاوسەرێتیوخێزانداریوتێكەڵبوونەوەی كۆمەڵايەتی.

– هۆشياركردنەوە بە بنەماكانی مافی مرۆڤ, منداڵو ئافرەت, هەروا بەوەی كە خێزانو كەسوكاری قوربانيانن, يان خەڵكی فەرامۆشكراون لە ئەنجامی تاوانەكانی رژێمی پێشوو پێشێلیگەورە بە ژيانو مافەكانيان كراوە,لە دوای گۆڕنكاريەكانيش ناعەدالەتيان لە بەرانبەر كراوە, چۆن وايان لێ بكرێت توانای ئەوەيان هەبێداكۆكی لەو مافانەی خۆيان بكەن.

= هۆشياركردنەوەو راهێنانيان لەسەر دۆسيەی گۆڕە بە كۆمەڵەكانو هاوكاری و ئامادە كردنيان بۆ چۆنيەتی دەسگيركردنی ديكۆمينت, زانياریو رێنمايی, تەكنيكیوكارگێڕی لەمەڕ ناسينەوە, هەڵدانەوەو هێنانەوەی گۆڕەكان, پاشان شاردنەوەيان بە نەريتو شێوازێكیپڕ لە حورمەتورێزلێنان.

=هۆشياركردنەوەو ئامادەكردنی خێزانو كەسوكاری قوربانييەكان بۆ بەشداريكردن لە بەرنامەكانی ( سەنتەری نيشتمانی ونبووانو بێسەروشوێنانی عێراق) كە دوای برياردانی لە لايەن پەرلەمانی عێراق لە كوردستانو عێراق دەسبەكار دەبێ, ئامانجی سەرەكی ئەو سەنتەرە هاوكاريكردنی خێزانی قوربانيانە بۆ هێنانەوەیتەرمیقوربانييەكان,قەرەبوكردنەوە, باشتركردنیگوزەرانو بەدەستهێنانی مافەكانيانو..تاد..

= ئاسانكاریو هاوكاریكردنی خێزانو كەسوكاری قوربانییەكانو خەڵكی فەرامۆشكراو لە لایەن ڕێكخراوو كۆمەڵەكانو دادگاو دامەزراوە حكومییەكان بۆ تۆماركردنی سكاڵای داواكاری لە بەرانبەر ئەو تاوانبارانەی كە تاوانو پێشێلكارییان بەرانبەر ئەو خێزانانە كردووە.

– گرێدانی كۆنفرانسێك بۆ لێكۆڵینەوە لە دۆسیەی نادیاری ئەو 18 پاكیزە كوردە ئەنفالكراوو فرۆشراوە بە وڵاتی میسر!! دەكرێ بۆ بەرنامەو ئامانجەكانی ئەو كۆنفرانسە چەندخاڵێك دەستنیشان بكەین, وەك:

**. ئامادەكردنی خێزانو كەسوكاری ئەو 18 پاكیزەیە, وەك وارسی شەرعی پاكیزەكان.**

**. ساغكردنەوەی بەڵگەنامەكان بە شێوەیەكی راستو دروست.**

**. ئامادەكردنی شایەدحاڵەكانی ئەو تاوانە نامرۆییە.**

**. دۆزینەوەو ئاشكراكردنی ئەو تۆڕو باندە مخابەراتییەی كە ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە.**

**. ئامادەكارییەكانی كارگێڕیو یاسایی بۆ تۆماركردنی سكاڵا لە دادگای باڵای لێكۆڵینەوە لە تاوانەكانی ڕژێمی پێشوو.**

**. داواكردن لە پارێزەرانی بێسنوور, ڕێكخروەكانیمافی مرۆڤی عەرەبیو ڕێخراوو ئاژانسی نێونەتەوەیی پەیوەندداربۆ ئەوەی بە دواداچوەونو لێكۆڵینەوە لە و دۆسییەیە بكەنو تاوانباران بە سزای ڕەوا بگەیەنن.**

**. كەسوكاری 18 پاكیزەكە یاداشتنامەو ڕێپیوان بۆ بەردەم نەتەوە یەكگرتووەكان ,كۆمكای وڵاتانی عەرەبی, باڵوێزخانەیمیسر لە عێراق, باڵوێزخانەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا, یەكێتی ئەوروپاو لایەنی دیكەی پەیوەندداررێكبخەن.**

= ئامادەكردنی پرۆژەیەك لە ڕێگای گرێدانی ئەلقەكانی لێكۆڵینەوەو كۆنفرانس سەبارەت بە میكانیزمی قەرەبوكردنەوەی زیان لێكەوتوان, لە لایەن حكومەتی عێراق, كۆمپانیاكانی جیهانی, هەروا دۆسیەی گۆڕە بە كۆمەڵەكانو چۆنیەتی هێنانەوەیان,ئەمجار كۆنفرانسێك بۆساغكردنەوەی چۆنیەتی دروستكردنی مێنۆمێنتی نیشتمانیكە خەباتو بەرخۆدانی گەلەكەمانوقوربانییەكانو تاوانەكانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی تێدا ڕەنگ بداتەوەو وەك سمبولێك دەربكەوێ , لەو لاشەوە دەكرێ بە پێی جێگاو جوگرافیای ئەنجامدانی تاوانەكان, بە تایبەتیش شالاوەكانی ئەنفالو جینۆسايد مەزارگاو مێنۆمێنتی جیاجیا دروستبكرێ.

= كردنەوەی كۆرسەكانی فێركردنو ڕاهێنانی پیشەیی بۆ لاوانی كچ وكوڕ, هەروا پیشەسازی خۆماڵیو فۆلكلۆری بۆ ژنان, ئەمجار هاندانی پرۆژەی بچووكی بەرهەمهێن.

= پێویستە پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی حكومەتو دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی پلانی ستراتیژی دابڕێژێ بۆ گەشەپێدانی دانیشتوانیهەژارو فەرامۆشكراوی ئەو شار, شارۆچكەو لادێیانەی كە لە ئەنجامی تاوانەكانی ڕژێمی پێشوو زیانیان لێكەوتووە, دوای گۆڕانكارییە سیاسییەكانو شەڕەكانی نێوخۆییو لەتبوونی حكومەت نایەكسانیو ناعەدالەتی لە بەرانبەریان كراوەوتا رادەیەكی بەرچاو لە گشت بوارەكانی ئاوەدانكردنەوە, بنیاتنانەوەو خزمەتگوزاری شارەوانی, پەروەردەو فێركردن, كولتووری, تەندروستیو..تاد.. هەروا لە مافەكانی مەدەنیو مافی هاوڵاتیبوون لەوانەش دابینكردنی دەرفەتەكانی كاركردنو بەشداریكردنو خۆ پێگەیاندن ناهەقییان لە بەرانیەر كراوە.

*** كاركردن لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان بۆگرێدانی كۆنفرانسی نێونەتەوەیی, بۆ لێكۆڵینەوەو بە نێونەتەوەیی كردنو بە فەرمی ناسینی تاوانەكانی ئەنفال, كیمیابارانو قڕكردنی گەلی كورد وەك تاوانی(جینۆسایدكردنی گەلی كورد) كەوا لە لایەن ناوەندی هەڵەبجەو دڵسۆزانی گەلەكەمانو دۆستەكانییەوە كارو چالاكی لەو پێناوەدا ئەنجامدراوە.**

* گرێدانی کۆنفرانسی هەریمی کوردستان دەربارەی چۆنیەتی مسۆگەرکردنی دادپەروەرانەی  مافەکانی خێزانو کەسوکاری قوربانییەکانو هەموو ئەوانەی لە سایەی رژێمی پێشوو پێشێلکاری گەورەیان دەرهەق کراوە, لە زەمونی گۆڕانکارییەکانیش نا عەدالەتییان دەرهەق کراوە.

---

* **سەرپەرشتیاری ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان**

**بۆ پەیوەندی کردن**:

Salah_m20002000@yahoo.com

Chak_kurdistan@ yahoo.com

( ++ 964 750 22 28 680 ) , ( ++ 964 750 46 523 71 )